کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلیکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
4-2-2007 22:11 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## لە هەولێر لە یادی یەکی شوبات دا، سوکایەتی بە کەس و کاری شەهیدان دەکرێت؟! ... بەختیار سەعید

سەرەتا داوای لێبووردن لە کەس و کاری شەهیدانی سەربەرزی یەکی شوبات دەکەم، کە لە ڕۆژی یەکی شوباتی ئەمساڵدا، لە سایەی وەزارەتەکەی خۆیاندا، کە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانە لە هەولێری پایتەختدا، بە ئامادەبوونی بەڕێز د. دەخیل وەزیری هەرێم و وەزیری کارو باری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان بە وەکالەت و کەس وکاری سەربەرزی شەهیدانی یەکی شوبات، یادێکیان بۆ شەهیدە نەمرەکانی ئەو کارەساتە جەرگ بڕە ڕێکخست بوو، کە زۆر بەداخەو نەلەئاست ئەوکارەساتەدابووە!! نە لە ئاست گەورەی کەس وکاری سەربەرزی شەهیدەکاندابووە!! لەوانەیە کەسانێك هەبێت بڵێن ئەوە جارێکی دیکە ئەم وەزارەتە تووشە سوتفەیەکی تر بووەوە! کە ئەم جارەیان ڕاگەیاندن و بەرپرسە نەشارەزاکانی وەزارەت زۆر بە زەقی بێحورمەت و بێڕێزیان بەرامبەر قوربانیان و کەس وکاری شەهیدانی یەکی شوبات کرد!! گوڵم تەماشایی سوتفەی ئەمجارە بکەن! نا ئەمە سووتفە نەبووە، بەڵکو یادێکی ئامادەکراو بووە!!کە لە هۆڵی ڕۆشنبیری ڕێکیان خستبوو!! بێگومان هەمووان دەزانینین دەسپێکی هەموویادێکی پیرۆز بە ڕێزگرتن لە شەهیدان دەست پێدەکات،ئەویش بەم جۆرە: (ساتێك وەستان بۆ گیانی پاکی گشت شەهیدانی کوردو کوردستان)، کەچی مەخابن یادەکە، وەستان و خوێندنی سورەتی فاتیحەی تیانەبوو!! توخوا کەس هەیە ئەمە بێڕێزیە قبوڵ بکات!! مەگەر ئەوانە یادەکەیان ڕێکخستووە! پاشان ووتاری بەخێرهاتنیش لە ئامادەبوان هەر نەبوو!! بەپێی سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان کە باسی دەکەن، هەر لەیەکەم ساتەوە بۆ لە بۆڵ و هەراو نارەزایی تەواوی ناو هۆڵەکەی پڕکردبوو!! کە ئەمە چ جۆرە یادێکە؟! یەکێ لە دایکە شەهیدێك بە دەنگی بەرز هاواری کردبوو: ئاخر لە ئاهەنگ و گۆرانیشدا ساتێك وەستان هەیە! چۆن لە یادێکی ئاوا گەورە بۆ شەهیدیانی یەکی شوبات نیە؟! ئالەم کاتەدا دەنگە دەنگەکە زیاترو بەرزتر دەبوو! دواتر هاتە سەرتەوەری نمایش کردنی فلیمێکی تایبەت بە شەهیدانی یەکی شوبات و ئێستاشی لەسەر بێت نەیانتوانی ئیش بە ئامێری سکرینەکە بکەن!! لەمەشدا لیژنەی ئامادەکار حەیاچونێکی دیکەیان بۆ مایەوە!! بە واتایەکی دیکە بێڕێزێکی تر بەرامبەر کەس وکاری شەهیدانی کرا!! ئاخر پێشینان ڕاستیان گووتووە: (بەردێك نەزان بیخاتە ئاوەوە، ئەوا بە هەزار زانا نا یەتە دەرەوە) . دیار بوو نارەزایی ئەوەندە زیادی کردبوو وەزیری بەوەکالەت ئامادەبوو، هەستی بە نارەحەتی و نیگەرانی کەس وکاری شەهیدان کردووە! بەڵام ئەو چ گوناهێکی هەیە، کە عەلامەو مدیرو ڕاوێژکاری ڕاگەیاندن ئەوەندە شارەزایان هەیە!! خوا دەزانێت بۆ ئەم بێحورمەتیی و بێڕێزیەش چەند ملیون دیناریان سەرف کرابێت؟! لام وایە و دڵنیام گەر خاتوو چنار لەو یادە ئامادەبوایە هەرگیز ئەم بێڕێزیەی قبوڵ نەدەکردو هەموویانی دەکردە پەندی زەمان!! چونگە خۆی کچە شەهیدێکی ئەو کارەساتەیە و جگە لەمەش واش خۆی نیشان دەدات،کە خەمخۆری کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانە. ئەوەی زیاتر ئامادەبوانی توشی هستریا کردووە وتەی (هاوژین) ناوێك بووە کە بە جۆرێك پەیفەکەی پێشکەش کردووە کە ئەوەندەی سوکایەتی پێوە دیار بووە!! ڕێزگرتنی تیا بەدی نەکراووە! ئەمەیان بۆ هاوژین جێدەهێڵم!! ئاخر زۆر جار گووتوومانە ئەم حکوومەتە بەستەزمانەی خۆمان زوو هەڵدەخەڵە تێت! بە ناوی زل و گوندی وێران!!

ئالێرەدا پێشنیازم بۆ سەرجەم دەزگاکانی حکوومەتی هەرێم هەر کاتێك ویستیان یادی شەهیدان بگێڕن، با داوای خەبیرو ڕاوێژکاری ڕاگەیاندنی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفلکراوەکان بکەن چونکە ئەمانە (داهێنانیان) کردووە و یادەکانیان ئەوەندە سوك کردووە!! تاکو هەموو کەس و کاری شەهیدانی یەکی شوبات هەر لە ماڵی خۆیان بەپێوە ڕابووەستن و فاتیحە بۆگیانی شەهیدەکانیان بخوێنن!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
4-2-2007 22:11 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

باشترین وەفاداری بۆ ئەو کارەساتەی هۆڵی ڕۆشنبیری کە سوتفە نەبوو!! هەق وایە ئەوانەی بەو کارە هەستاون! بە ڕێزەوە بگوازرێنەوە ماڵەکانی خۆیان! بە مووچەکانیانەوە!! ئەوەش کارو ئەوش پۆستی بەهەدەرچووی حکومەت!!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.